# رفاندنی 37 كچ و مندال له كەركوك ... (ئەردەلان)

رۆژی2005/9/14 لە پەیامنیر بڵاو كرایەوە ئیدارەی كەركوك داوا دەكات لە خەڵكی كەركوك كچەكانین بنێرن بۆ قوتابخانەگوایە ئەوان ئێستاكە توانیویانە كونترولی ناو شاری كەركوك بكەن تا خەڵكی ترسی ئەوەیان نەبێت منداڵەكانیان برفینن ئەوەی راستی بێ دەتوانم بڵێم لە سەدا هەشتا زیاتر دەسەڵاتی پولیس ئاسایش و سەربازەكانیش لە كورد پێك هاتووە لیرەدا ئەوەمان بۆ دەرئەكەویت واتە ئەوانەی ئەوكارانە دەكەن لە ناو كەركوك بەزۆری لە خەڵكانی كوردن وە سەر بە دەزگاكانی ئاسایش و پولیس و سەربازن ئەوانەش ئەو كارانە دەكەن لە رفاندن و دزی و كوشتن سەر بەو دەزگایانەن وە نزیكن لە بەرپرسە ئیداری و حزبیەكان ئەمەش چەند راستیەكە

یەكەم. . باندیكی دزۆ پیاو كۆژ دەستگیر كرا تیكەڵ بۆ لە كوردو عەرەبی هاوردە مەسئولی یەكەمی باندەكە كوری ئەندام پەرلەمانیك بوو وە سەرۆكی زانایانی ئیسلام بۆ پێشتر پاش دەستگیر كردنیان لە لایەنی پولیسەوە یەكسەر لیپرساوی (م) كورەكەی ئەو ئەندام پەرلەمانەی ئازاد كرد

دووەم. . لە مانگی 2005/3 كاك خەلیل سوفی ناسراو بە جوتیار خەباتگێریكی دیرینی كوردایەتی بە دەستی هەندی كەس شەهید كرا لە كەركوك ئەو كەسانە سەر بە ئاسایشی كەكوك بوون وەلە كەسە نزیكەكانی بەر پرسی ئاسایش بوون

سیهەم. . رۆژی 2005/8/27 لە رۆژنامەی هەواڵ كە لە كەركوك دەردەچێت بڵاوی كردوتەوە باندیكی دزو پیاو گۆژ دەستگیر كراون كە چواریان پولیسن پاسەوانی تایبەتی موقەدەم عوسمانن بەریوەبەری پۆلیسی قەرەهەنجیر دوانیان پاسەوانی بەرپرسییكن سەروكی ئەم باندە (حەمە تەپەدییە) لە چەمچەماڵ ناو براو دەیان ساڵە بە پشتیوانی خەڵكیكی ناو یەكیتی دزی دەكات پیاو دەكوژێت

ئەوەی راستی بێت بەزۆری پیاو گوژ و دزەكان سەر بە دەزگاكانی پۆلیس و ئاسایش و سەربازین یان دارو دەستەی لیپرسراوانن ئەم راستیانە خەڵكی كەركوك بە كوردو توركمانەوە دەزانن بەڵام لە ترسی پیاو كوژانی ئاسایش كەس ناتوانی دەنگ بەرز بكاتەوە لە كەركوك هەرچی دزو پیاو كوژەكان هەیە ئیستا لە كەركوك نیشتە جێ بوونە هەموش سەر بە حزبەكانن باشترین بەلگەش لە 2003 وە زۆرترین كورد دەكوژریت لە ناو كەركوك هەرچێ دەكوژریت دەڵین تیروریستەكان كوشتیان راستیەكەش وا نیە تەسفیەی حیساباتیش هەیە لە كەركوك لە نیۆ خەڵكانی حزبیدا